سەدام دژی هەمووان بوو بەڵام شیعیانە کوژرا

زیرەك کەمال

بەرەبەیانی زووی یەکەم رۆژی جەژن (هیوا مستەفا)ی هاوڕێم بە پێکەنین و دڵێکی گوشادەوە لە ڕێگای تەلەفۆن هەواڵی لە سێدارەدانی سەدام حوسێنی پێ ڕاگەیاندم و داوای ئەوەشی لێکردم کە هەڵوێستی خۆم لەم بارەیەوە لە ڕێگای رادیۆی ئازادی هەولێر بڵاوبکەمەوە، ئەگەرچی شەو ئازاری نەشتەگەرییەکەم لێنەگەڕابوو کە خەو بچێتەچاوم، بەڵام هەرزوو لە ڕێگای رادیۆو تەلەفزیۆنەوە ویستم شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی لە سێدارەدان و هەڵوێستو تێڕوانینی رای گشتی جیهان، بەتایبەتیش رای گشتی عەرەب لەم بارەیەوە بزانم، کەنالێ جەزیرە لە سێدارەدانی سەدامی بە لە خاچدانی عیسا چواندو لە(اتجاەمعاکس)ی خۆیشیدا مەشعان جبوری خۆشەویستی کوردانیش؟!! فاتیحای بۆ گیانی وەکو خۆی گوتی (سەدامی شەهید خوێند) هەندێك گوتیان کوشتنی معاریە بوو لەلایەن رۆڵەکانی (ئیمام عەلی)یەوە، هەشبوو دەیگوت سەدام لە سێدارە درا بۆ ئەوەی نەمرێتو ببێتە پاڵەوانی مێژوو؟!! نووسەرێکی ناوداری جیهانیش گوتی کوشتنی باوك بوو لەلایەن رۆڵەکانی خۆیەوە بۆ ئەوەی بچنە جێگاکەی ئەو تاکو لەوێ هەم لاسایی بکەنەوەو هەم نەمری بەو ببەخشن.. نایشارمەوە، من نە لە کەنالە جیهانیو عەرەبییەکانو نە لە میدیاکانی کوردستاندا گوێبیستی عەقڵ نەبووم کە لەبارەی لە سێدارەدانی سەدام حوسێن قسە بکات.

من زۆر سەرسامم بەو وتەیەی کەدەڵێت: شانازیو سەربەرزییە بۆمرۆڤ کە تێکۆشەرێکی دژی فاشیەت بێت، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە مرۆڤ خۆیشی لەو ڕێگایەدا نەبێتە فاشی کە بە داخەوە من ئەو دیاردە قێزەونو هەمان چیرۆکە ناشیرینو خوێناوییەکەی جاران، لەسەردەمی دوای نەمانی سەدامو رژێمەکەی بە ئاشکرا لە نێو کایەو سیاسیو حکومیو حزبییەکانی عێراقدا درك پێ دەکەین، من بۆ خۆم دژی کوشتنو لەسێدارەدانی هەمموو کەسێکم جا با ئەو کەسە (سەدام حوسێن) یش بێت، چونکە سێدارە خۆی پرۆسەیەکەو لە بنەچەکەدا لەبەرەبەیانی مێژوودا مرۆڤکوژو فاشیەکان دایانهێنا، بەڵکو من لەگەڵ کوشتنی سەدام بووم لە رووی رەمزیو مەعنەوی، سەدام دەبوایە لەسەر هەمموو تاوانە وردودرشتەکانی دادگایی بکرابایە، کە پێشمواید هەزارساڵ کەم بوو بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دادگایی کردنەکەی، دەبوایە سەدام لە زیندواندا خۆی بمرێت و ئێمەش لە دەرەوەی زیندان لە ڕێگای کوشتنی عەقڵیەتو کلتوری ئەو، وڵات پڕ بکەین لە جوانیو باخچەی ماڵەکامان پڕ بکەین لە گوڵی ئازادیو ڕێز بگێڕینەوە بۆ مرۆڤومانەش بە ژیانو بوون ببەخشینەوە.

ئاخر سەدام هیچ نەبوو جگە لەوەی کە ژیانو مرۆڤی بێ نرخ دەکردو خۆی لە هەمموو شتێك گەورەتر دەبینی، سەدام ژیانی رەوای ئەوانە دەبینی کەلە پاشماوەو بەرماوەکانی ئەو بخۆنو ئەوەی لە فەرهەنگو عەقڵیەتو لە بەردەمی ئەو وەکو مێگەڵ خۆی نەنواندبا دەینارنە دەرەوەی بازنەکانی ژیان، ئەگەر پێمان وابێت کە سەدام لەسەر تاوانەکانی لە سێدارە دراوە خۆمانو خەڵکیش بە هەڵە دەبەین، چونکە مردن بەشی سەدام ناکاتو بۆیەش کوشتنی راستەقینەی سەدامیش لە نەهێشتنو پاکتاوکردنی ڕێبازی فاشییانەو دیکتاتۆریانەیەتی، نەك ئەوەی ئێمە لە بەرەبەیانی یەکەمین رۆژی جەژندا بیستمان، بەڵام جوانترین پێناسەو سەرنج راکێشەرترین شتێك کە لەم بارەیەوە کرابێت نووسینەکەی (عەلی فادی) بووکە گوتی (سەدام بکوژی هەمموو عێراقییەکان بوو، بەڵام شیعیانە لە سێدارەدرا).

پرۆسەی لەسێدارەدانی دیکتاتۆر کۆتایی هێنان بەسەردەمێك یاخود درێژەپێدانی؟

ئاسۆ جەلال

بەرەبەیانی یەکەمین رۆژەکانی جەژنی قوربان کە بەتایبەت، واتاو بەهای موقەددەسی لای حوکمڕانانی ئێستای عێراق هەیە، لەدوا رۆژەکانی ساڵێك کە پڕ بوو لەکوشتنو بڕینو قڕکردنو تەقاندنەوەی مەزهەبگەرا برا کوژەکان، پرۆسەی لەسێدارەدانی دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم بەڕێوەچوو.

ئەم پرۆسەیە کۆتایی بەژیانی پیاوێکی دڕندەو خوێنڕێژێك هێنا کە سەردەمانی حوکمی ئەو بە خوێناوی ترین و تاریکترین سەردەمەکانی عێراق دەژمێردرێن، کە سیو پێنج ساڵ بەئاگرو ئاسن حوکمی کردو ئێمەی کوردیش گەورەترین قوربانیمان لەسەر دەستی داو، جوانترینو گەشترین خوێنەکامان لە پیسترینو تاریکترین ژوورەکانی ئیعدامو ئەشکەنجەو گوللەبارانی سەردەمی حوکمی ئەو پیاوەدا رژێنران.

رەنگە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت کە ئێمەی کورد لەهەمووان زۆرتر چاوەڕوانی ئەو رۆژەمان دەکرد کە دادوەریو ڕێزگرتنی یاساو مافەکانی مرۆڤ بەرقەراربن. بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەی زۆرێك دیمەنەکانی لەسێدارەدانی دیکتاتۆر بەو جۆرەی کە بینیم هەرگیز ئەو هەستەی پێ نەبەخشم کە سەردەمی رەش و تاریکی ئەو پیاوە بەکۆتا گەیشتبێت.

یەکێك لەخەسڵەتە هەرە خراپەکانی دیکتاتۆرو دەستو پەیوەندەکەی ڕێزنەگرتن بوو نەك تەنها لەژیان، بەڵکو لەمردنیش، دوای گوللەباران کردنی رۆڵەکانمان، سوکایەتی کردن بەتەرمەکانیان، پارەی ئەو فیشەکانەشیان لێ وەردەگرتن کە کۆتایی بەژیانیان دەهێنا، لەناو بازاڕەکاندا دوای ئەشکەنجەدانی قارەمانەکامان لەبەرچاوی خەڵك ریز دەکردو گوللەبارانی دەکردن.

بۆیەشە دیمەنی لەسێدارەنی دیکتاتۆر هەمان ئەو پرۆسەیەی بیرخستینەوە. ئەگەر بڕیار بێ وەکو هەندێك دەڵێن مردنی سەدام داخستنی لاپەڕەیەکی رەش و کۆتایی هێنان بێ بەسەردەمێکی تاریك، ئەوا پێویست بوو ئێمە لەدەستپێکی لاپەڕەی نوێو سەردەمی رووناکدا لانی کەم ئامادەیەکمان بینیباو هەستمان بەجیاوازی کردبا. بەڵام داخستنی ئەو لاپەڕەیە، هەمان دەسپێکی دیکتاتۆر بوو لەسەردەمانی خۆیدا.

کوشتنی دیکتاتۆر بەتەنها هیچ گۆڕانکارییەك ناهێنێتە ئاراوە ئەگەر هەموو نەریتو مۆراڵەکانی زیندوو بمێننەوەو، حوکمی دوای ئەویش پەیڕەویان بکات، ئەگەر جێبەجێ کردنی حوکمی لەسێدارەدانی دیکتاتۆر لەپێناوی چەسپاندنی یاساو بەشێوازێکی یاسایی بێت مەسەلەیەکەو، جێبەجێ کردنی یاساکەش لەپێناوی تۆڵەو بەدەستی کەسانێك کە بۆخۆیان قەرزداری یاسان مەسەلەیەکی دیکەیە.

ئەرکی حکومەتەکەی مالیکی بوو کە بەر لەسێدارەدانی دیکتاتۆر، عەقڵیەتو رەوشتی سەدامیانەی لەسێدارەدابا، کاتێك ئەوەی دەکرد، ئەوکات، بەدڵنیاییەوە سەدام وەکو کەسێك هەموو بەهایەکی لەدەست دەدا و تەنانەت لەسێدارەدانەکەشی ئەو جۆرە دەنگدانەوەی لێنەدەکەوتەوە، بەڵام هەڵەی کوشندەی ئەو حکومەتە لاسایی کردنەوەی دیکتاتۆر بوو زیندوکردنەوەو بەهێزکردنەوەی عەقڵیەتی بەعسیزم بوو بەناوێکی ترو بەبەرگێکی دیکە، بۆیە لەسێدارەدانی سەدام بەو جۆرە، یەکەمین هەنگاوی درێژەدان بوو بەو سەردەمە کە سەدام قارەمانی بوو..

لەسێدارەدانی سەددام... شۆڤێنییەتی عەرەب و هەندێ ئاراستەی تر؟

تەها سلێمان

ئایا دەکرێ کەسەددام لە سێدارە درا ، چاوەڕوانی ئەوە بکەین عێراقی دوای لە سێدارەدانی دکتاتۆرێکی دەگمەنی وەك سەددام ئەو عێراقە بێ کەپێکەوە ژیان و لێکتر گەشتن تیایدا ببێتە ستراکتۆری دامەزراندنی ئایندەیەکی گەشەدار؟ بێگومان پێویستە پێش هەموشتێ ئەوە بزانین کە بەعس بەرهەمی بیرکردنەوەی سەددام نییە ، بەپێچەوانەوە سەددام و هاوشێوەکانی بەرهەمی فەلسەفە و ئایدیای رامیاری بەعسن. لەوەش کوشندەتر نییە بڵێین بەلە سێدارەدانی سەددام بەعسییزم کۆتایی پێدێ و ئیتر عێراق دەبێتە عێراقێکی دوور لە کوولتوری (سەدامیزم یان بەعسییزم)، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك چۆن لەسەرەتای ڕووخانی حکومەتی دکتاتۆری بەعس هەندێ بۆچوون پێیان وابوو ئیتر بەعس وەك (ئایدیا- سیاسەت) و کاری ڕێکخراوەیی تەواو بوو ، کەبەماوەیەکی کەم ئەم بۆچوونە ناتەندروستە بەزیندوو بوونەوەی بەعس یان خۆکۆکردنەوەی بەعس ناڕاستی خۆی سەلماند و پووچەڵ بووەوە ، ئاوهاش بڕوابوون بەوەی عێراقی دوای سەددام نابێتە ئەو عێراقەی کە هەموو ئەگەرو گریمانەکان تیایدا بە ئاراستەی ئارامی و ململانێی تەندروست هەنگاو هەڵبێنن. ئەگەر بەعس قوتابخانەی پێگەیاندنی سەددام و هاوشێوەکانی بووبێ لە درندەیی و لوتکەی بەربەرییەتدا و ئەمڕۆش سەددام لە سێدارە درا و هەندێکی تر لە هاوشێوەکانی لە لوتکەی دەسەلاتی پێشووی لە گۆڕناویاندا چاوەنواڕی هەمان چارەنووسی سەددام بکەن، دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە هەمان بەعس و بە هەمان فەلسەفە و فیکرو سیاسەت و هتد لە کۆششی پێگەیاندنی سەددام گەلێکی تردان و ئەگەر لەسەددام درندەتر و دکتاتۆر ترنەبن ئەوا کەمتر نابن بەپێی ئەو بوارانەی بۆیان .بلوێ یان هەڵکەوێ. ئەگەریش بەمەوێ ئەم بۆچوونەم تۆزێ زیاتر ڕوون بکەمەوە ئەوا دەبێ بڵێم لە بنەڕەتدا بەعس بەرهەمی کلتووری شۆڤێنیزمی عەرەبیە و بەپێچەوانەشەوە تێکڕای شۆڤێنیزمی عەرەبی مکوڕی لەوە دەکەن نەك تەنیا سەدامێکی لە سێدارەدراو بەڵکو سەدان سەددامی زیندوویان هەبێ و بگرە زیاتریش. چونکە، شۆڤێنیزمی عەرەبی لەو بڕوایەدان بەبێ ئامادەبوونی کولتووری سەدامیزم کەبەرهەمی کەڵچەری عەرەب و ئاوێتەیە بە بێری بەعسییزم لەکایەیی دەسەلات و بیرکردنەوەیاندا مەحاڵ نیە بتوانن لە گۆڕانکارییە جیهانیەکاندا بەهەموبوارەکانیەوە خۆیان ڕابگرن، بەڵکوو لەوە زۆردەترسن شەپۆلی گۆڕانکارییەکان ستراتژکتۆری ئەوکلتورەش هەڵتەکێنێ کەئەوان لەسەری درێژە بەژیان ومانەوەی دەسەلاتی شۆڤێنیانەی خۆیان دەدەن وزۆربەی جاریش هەمان کلتووری شۆڤێنیانەی خۆیان تێکەڵ بە سروتە ئاینی ومەزهەبیەکان دەکەن و پیرۆزی دەکەن ، چونکە لەو ڕاستیەش گەیشتوون کە تێکەڵکردنی تێزە ئایدۆلۆژی و فیکری وسیاسیەکانیان بە سروتە ئاینی ومەزهەبیەکان کۆنەستی شەقامی عەرەبی دەوروژێنێ ودەیکاتە ستراتێکی باش بۆ بردوان بە بەرزکردنەوەی کێرڤی شۆڤێنیەکان وپیرۆزکردنی پایە جۆراوجۆرەکانی کلتوروەسەلاتیان ودوورخستنەوەی ئەگەرەکانی تێکشکانیان .

بالەم دیدەوە تۆزێك بابەتی تر ولۆژیکی تر قسە لەسەر ئەگەروگریمانەکانی دوای لە سێدارەدانی سەددام بکەین ، چونکە پێموایە بەبێ هێنانە پێشچاوی هاوکێشە وململانێیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق وناوچەکەو تەنانەت نێودەوڵەتیش ناتوانرێ قسەیەکی جدی بکرێ ، باپێکەوە تەماشایەکی ئەم هاوکێشەیە بکەین ودواتر هەموو بۆچونێك بەقەد رێژەی بابەتی بوون ولۆژیکی بوونی تەندروست بوونی خۆی دەسەپێنێ (کۆمەڵگایەکی نوقم بوولە قەیران / هۆکارەکانی قەیرانەکە / رۆخانی رژێمی بەعس /گەران بەدووای دەستگیرکردنی سەرانی رژێمی رۆخاودا / دەسەلات لەنێوان هێزی داگیرکەرو هێزی راستەقینەی ولاتدا / پەراوێزخستنی بریاری ریشەکێشکردنی بەعس /دەسەلاتی نۆرمال / بێدەسەلاتی لە کۆنترۆڵ کردن /دەستپێکردنی دادگایکردنی تاوانباران / خۆکۆکردنەوەی بەعس / پەرەگرتنی تیرۆرورەشەکوژی / پێش لەسێدارەدان / ململانێکی فرەجەمسەرلەنێوان شیعەو سوونە لەلایەك وکورد لەگەڵ شیعەو سوونە لەلایەکی تر ،هەروەها ئەمەریکا هاوپەیمانەکانی و ولاتانی چوارەدەوری عێراق لەلایەك وشۆڤێنیەتی عەرەبی و ولاتانی بەناوئیسلامیش لەلایەك ، بیرکردنەوەوئاراستەی کارکردنی ئەوروپا بەجیا لەلایەکی تر، ئەمە سەرەڕای نقوم بوونی کۆمەڵگای عێراقی لەتیرۆرو رەشەکوژی و داتەپینی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وزانستی و.. هتد لەولاوە بوەستێ) توخم ورەگەزەکانی ململانیەکانی دووتوێی هاوکێشەی ناوبراو پێك دێنن و لە سێدارەدانی سەددامیش دەچێتە سەر کۆڵکە بنچینەیەکانی ئەو ململانێیە . بۆیە من وایی نابینم لە سێدارەدانی (سەددام) کاریگەری پۆزتیڤ ونیگەتیڤ بەهەردوودیوی ئاراستەکەدا جێنەهێڵێ . بە پۆلینکردنێکی سەرەتایش دەتوانین ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەستنیشان بکەین بەم شێوەیە :

یەکەم: ڕەوایەتی پرۆسەی لەسێدارەدانی سەددام ناتوانێ پەلەپروزێ و مکوڕبوونی لایەنی زاڵی شیعەکان بسرێتەوە. بەڵکو هێزە سیاسیەشیعەکان دەیانەویست بە هەرنرخێك بێت سەددام لەسەر تاوانەکانی دژ بە شیعە یان ڕوونتر(دووجەیل) لەسێدارە بدرێ و ئەمەش بکەنە دەسکەوتێکی (مەزهەبی- سیاسی)بۆ خۆیان و ئایندەی خۆیانی لە عێراقدا لەسەر درووست بکەن یاخود داببەزرێنن. دیارە بۆ ئەم مەسەلەیە شیعەکان دوور نیە لە گەڵ ئەمریکیەکان ڕێکەوتنی نهێنیان لەنێواندا کرابێ و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنی ناوبرا لایەنگری ئاراستەی میانڕەوی شیعەکانی لێبکەوێتەوەو ئاراستەی توندڕەوی شیعەکانیش تووشی گووشارو هێرشی ئەمریکیەکان بنەوە.

دووەم: پێم وایە ئەمریکا لەپرۆسەی لەسێدارەدانی سەددامدا بە دوو دیو یان دوو ئاراستەی یەکتر بڕ کاری کردو یارییەکەشی تاڕادەیەکی بەرچاو مەترسی دارە. لەلایەك شیعەکان دەکاتە دەم سپی و سەددامیان تەسلیم دەکاو لەسێدارە دەدرێ و قەیران و شەڕی سەختی نێوان شیعە و سوونە قووڵتر دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە سۆزێك بۆ سوونە دەردەبڕێ و دەڵێ ئێمە پێمان باش نەبوو لە جەژنی تایبەت بە سوونەکاندا سەددام لەسێدارە بدرێ. بەم شێوە ئەمریکاتوانی قەیرانی نێوان شیعە و سوونە قوڵتر بکاتەوەو بەهەموو دنیاش بڵێ ئەندازیاری کۆتایی هێنان بەم قەیرانە بەخۆم نەبێ کۆتایی نایەت.

سێیەم: شۆڤێنیزمی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و سوونەی عەرەبیش وەك بەشێك لەو پێکهاتەیە ، بەتوندی و گووتارێکی یەکگرتوەوە هاتنە مەیدان و دژی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی سەددامی دکتاتۆر وەستانەوە، لەهەمانکاتیشدا پێیان وایە ئەمە شکاندنی (عزم)ی عەرەبە و ئیسلامی سوونەیە لەلایەن شیعەکانەوە و لەسێدارەدانەکەشیان بەوە وەسف کرد(سەددام وەك قارەمان ژیا و وەك پیاو مرد). لەڕاستیشدا ئەمە هیچی ترنیە جگەلە کۆدەنگی و پشتگیری بۆ دکتاتۆرێکی وەك سەددام و هاوشێوەکانی لەهەر جێگایەك بن، بەڵام بەدیوەکەی تریشدا بۆخۆی دەنگدانی ڕاستە و خۆی شیعەیە لەلایەن شۆڤێنیزمی عەرەبی و سوونەی عەرەبیش وەك پایەیەکی بنەڕەتی ئەو پێکهاتەیە لێی جیا نابێتەوە. وردتر ئەمە زەنگی شەڕێکی چاوەڕوانکراوە لە نێوان شیعە و سوونەدا کە هۆکارەکەی تەنیا لەسێدارەدانی سەددام نیە وەك جەلاد و دکتاتۆرێك بەڵکو باکگراوەندی مێژوویی خۆی هەیە کەلێرەدا جێی باسکردنی نابێتەوە و کات و بواری زۆرتری دەوێ.

چوارەم: دوور گرتنی کورد لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان بابەتی بوو، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کەگووتاری کورد و سەرکردایەتیەکەی نارۆشنیەکی زۆر تیا بەدەر دەکەوێ بەرامبەر لەسێداردانی دکتاتۆر سەددام. من وای دەبینم ئەم نارۆشنیە لە گووتاری کورد و سەرکردایەتیەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناکارایی و دەستە پاچەبوونی لە مامەڵەی لە گەڵ خوودی پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگایکردنی تاوانبارانی ڕژێمی پێشووی گۆڕکراو بەسەدامی لەسێدارەدراویشەوە. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد پێی وابێ بە خۆدوورگرتنی لە پرۆسەی جێبە جێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام توانیویەتی جۆرێك لە سیاسەتی ژیرانە بکا، ئەوە بەبۆچوونی من هەڵەیەکی مێژوویی گەورەی کرد. چونکە سیاسەتکردن لە بەرامبەر مەسەلەیەکی واگرنگ و هەستیاری مێژووییدا ، دوور کەوتنەوەو بێدەنگی هەڵبژاردن سڕینەوەو شەرعیەت دانە بە کۆی ئەو تاوانانەی سەددام و هاو شێوەکانی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیان داوەو ئێستاش بۆیان بلوێ و دەرفەتیان هەبێ دووبارەو دەبارەی دەکەنەوە. بەڵام دەکرا کوردو سەرکردایەتیەکەی لە هاوکێشەکەدا نە وەك شیعە یاری بکەن و نەش بەخواستی شۆڤێنیزمی عەرەبی و سوونە بجوڵێنەوە. ڕوونتر باشترین دەرفەت بوو بۆ کورد و سەرکردایەتیەکەی جەخت لەوە بکەنەوە کەنابێ سەددام تەنها لەسەر تاوانی دووجەیل لە سێدارە بدرێ. بەڵکو پێویستە لەسەر کۆی تاوانەکانی لە دووجەیلەوە تا دەگاتە قەتڵ و عامی ڕاپەرینەکانی ١٩٩١ لەسێدارە بدرێ کەئەوکات تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە و کیمیاباران کە گەورەترین تاوانی دژبەمرۆین لەسەر ئاستی جیهان دەبوونە بەشێك لە هۆکاری بنەڕەتی لەسێدارەدانی سەدام و هاوشێوەکانی و هاوکێشەکەش بەم شێوەیە نەدەشکایەوەو خودی کورد و سەرکردایەتیەکەشی بەئاراستەیەکی ئاوها هەڵەدا نەدەڕۆشتن.

بەکورتی بڕوام وایە لە هاوکێشەی لەسێدارەدانی سەددام دا کەبۆ دادێ ئاراستە و جەمسەری جۆراو جۆری لێدەبێتەوە بەو شێوە سیاسەتەی کردمان ئێمەی کورد براوەنیمان و نەمانتوانی لەم دەرفەتە مێژوویەدا ئەوەی پێویست بوو بیکەین ئەنجامی دەین . بەبێدەنگیمان بمانەوێ یاخوود نا شاهیدییەکی گەورەمان بۆ سەددام دا. لەمەشیاندا ئەوەندەی سۆزو بەزەیی بەسەرماندا زاڵ بوو ، نەماتوانی سیاسەت بەپێوەرە ڕاستە قینەکەی و لەسێدارە دانی دکتاتۆر وەك تایبەتمەندێتی کوردستانی بوونمان بناسین.

tahaleman17@yahoo.com